تێکۆشانی ئاشتی و دیموکراسی گەلی کورد پێینایە قوناڵێکی نوێ، پارتی کرێکارانی کوردستان، کە بە تێکۆشانی ٣٠ ساڵەی شوێن پێیەکی سەرنج ڕاکێشی لە دوای خوێ بەجێ هێشت، ئاڵای تێکۆشانی، ، بە کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان (کادەك) سپارد، کۆنگرەی ٨ مینی پەکەکە کە لەسەرەتای مانگی نیسان دا بەڕێوەچوو، لە هەمان کات دا بووە کۆنگرەی ئاواکردنی کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان دامەزراندنی کادەك، ئەمرۆ لە کۆبوونەوەیەکی چاپەمەنی دا، لەپایتەختی بەلجیکا بروکسەل ڕاگەیەنرا، ووتەبێژی کۆنگرە لە دەرەوەی وڵات لە لێدوانێکی دا کۆتایی بەو بانگەشانە هێنا، کە لەسەرپەکەکە دەکرێت، دامەزراندنی کۆنگرەی ئازادی دیموکراسی کوردستان، ، لەلایەنە ووتەبێژی ڕێکخراوەکە لە دەرەوەی وڵات ڕەزا ئەردۆڵان و، ئادەم ئوزونەوە ڕاگەیەنرا.

کۆبوونەوەکە لە ناوەندی چاپەمەنی بروکسیل ئەنجام درا، هەردوو ووتەبێژ سەبارەت بە دامەزراندنی کەدەکە و کۆنگرەی ٨تەمینی پەکەکە، زانیاریان ڕاگەیاند. کۆنگرە لە نێوان ٤ و ١٠ی نیسان دا، بە بەشداربوونی ٢٨٥ ئەندامی کۆنگرە، سازکرا. لە کۆنگرەکە دا، بەفراوانی گفتوگۆ لەسەر گۆڕانکاری وبوژاندنەوەی ئەم3 ساڵەی دواییە کرا و ڕێکخراوەکە لەسەر بنچینەیی ستراتیجی نوێ، سەر لە نوێ ڕێك دەخرێتەوە. لە کۆنگرەکە دا، کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان، بەکورت کراوەی) کادەك) سازکرا. لەلایەکەوە، ، عبدوڵا ئۆجالان بۆ سەرۆکی گشتی کەدەکە، ، بە یەك دەنگ هەڵبژێردرا، ، لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژی دامەزراندنی ئەو ڕێککخستنە لە ڕۆژی لە دایك بوونی ئۆجالان، ، لە ٤ نیسان دا، ، ڕاگەیەنرا. ئەو ڕێکەوتە بەو واتایە دێت کە لەو ڕۆژە دا، هەموو کاروخەباتێك بەسەر ناوی پەکەکە بەڕێوەدەچێت، ڕاوەستێنراوە و،هەروەها ئەو خەباتەی لەسەر ناوی پەکەکە بەڕێوەببرێت، ، وەك کارێکی لەدەرەوەی یاسا هەڵدەسەنگێنرێت.

----------------

لە بروکسەل کۆبوونەوەی چاپەمەنی کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان کادەك لە لایەن ژمارەیەکی زۆرلە، ڕۆژنامەوانی دەزگاکانی چاپەمەنی تورکیا و جیهان، هەڵسەنگێنرا. پەیامنێرانی ئاسوشەیتدپرێس، تەلەفزیۆنی ئەل جزیرە، ئاژانسی فرانس پرێس، بی بی سی، ڕۆژنامەی سەباح، ئینفۆتورك، ئای ٩، بەڵگە، تورکیا، ئاژانسی دەنگوباسی ئیخلاس، ڕۆژنامەی ستار، ئاژانسی دەنگوباسی ئانادۆل و، پەیامنێری ڕۆژنامەی ڕادیکال، بەشداریان لە کۆبوونەوە چاپەمەنیەکەدا کرد. لە کۆبوونەوە چاپەمەنیەکەدا، ، ڕەزا

©Kurdistan.net

www.kurdistannet.org
17/04/2002 00:12

ئەردۆڵان ئەنجام نامەی کۆنگرەکەی ڕاگەیاند و، ، سەرەتا یەکێتی ئەورووپا و هەروەها بانگەوازی ئاراستەی تەواوی وڵاتان کرد ، ، کە بۆ چارەسەریەکی ئاشتیانەی کێشەی کورد بکەوێتە ناو هەول وتەقەلاوە . ڕەزا ئەردۆڵان و ئادەم ئوزون پاشان وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانانیان ، ، سەبارەت بە پرۆگرامی کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان کادەك دایەوە . ئەردۆڵان سەبارەت بە پرسیاری وەك ئایا کادەك خاوەن هێزی چەکداریە یان نا ، ، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە . تا هەلوێستی لەناوبردن و نکۆلی کردن لەسەرگەلی کورددرێژەی هەبێت ، هێزی پاراستنی گەل بۆ بەکارهێنانی مافی پاراستنی ڕەوا ، درێژە بە خەباتی خۆی دەدات . لە وەڵامی پرسیاری وەك ئایا کادەکەش تێکۆشانی چەکداری درێژە پێدەدات یان نا ؟ ، ئەردۆڵان ئاماژەی بە دوو خالی سەرنج ڕاکێش کرد و بەم شێوەیە دوا . بە ڕای ئەردۆڵان تا تێکۆشانی دیموکراسی سەرهەلدانی سیاسی دیموکراتی گەلی کورد ، بە ڕێبازی توندوتیژی نەچەوسێنرێتەوە ، هەروەها تا هەلوێستێکی نهێنی دژبە ژیانی سەرۆکی گشتی عەبدولاَ ئۆجەلان بەڕێوە نەچێت ، ، تێکۆشانی چەکداری نایەتە ڕۆژەڤەوە . ئەو سەبارەت بە دیموکراتیزەبوونی تورکیاش ، ئەو ئەرکانەی کە پێویستە پێك بێت بەم شێوەیە ڕیزکرد . پێویستە هەلوێست وسیاستی نکۆلی لێکردن و لە ناوبردن لەسەر گەلی کورد کۆتایی پێ بێت ، سزای لە سێدارەدان هەلبگیرێت ، دان بە مافی پەروەدەی زمانی دایك دا بنرێت و ، پێویستە ڕەوشێکی ئارام و دیموکرات بۆ ئازادی خۆدەربرین ، بخولقێنرێت . ئەردۆڵان وتی : ئەگەر لەم چوارچێوەیە دا ئەو هەنگاوانەی ئەوان دەیانەوێت بنرێت ، پێویستی بە هێزی پاراستنی گەل نامێنێت . ووتەبێژی کادەك ، لە وەڵامی پرسی دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ بەم شێوەیە دوا . گەلی کورد نکۆلی لێدەکرا و ، پەکەکە وەك ئیرادەی ئازادی ئەم گەلە ، ڕۆلی خۆی بینی . بە تێکۆشانی خۆیەوە ژیانەوەی نەتەوەیی تەواو کرد و ، گەیشتە ئەو قوناڵەی کە گەلی کورد ، ئیتر دەتوانێت بە ناوی خۆیەوە بدوێت هەر بۆ ئەوەش ، ڕۆلی مێژوویی خۆی لە زۆر لاوە گێڕا . لەمەو بەدوا ، گەلی کورد تێکۆشانی خۆی لە ناو سنووری ، ئەو وڵاتانەی کە تێدا دەمێنێتەوە درێژە پێدەدات و ، کادەکەش ، بۆ ئەم مەبەستە دامەزرێنرا . ئەردۆڵان هەروەها وتی : هیچ ئامانجێکی گۆڕانکاری سنوری وڵاتانی دیکەیان نیە ، بەڵام ئامانجی بنچینەییان پێکهێنانی گۆڕانکاریەکی دیموکراتیە . ئەردۆڵان ڕایگەیاند ، کادەك ، دەستەڵاتداری ناکاتە ئامانجی\ بەڵام پشتگیری لە هەموو ئەو ڕێکخراوانە دەکات کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دیموکراسی تێدەکوشن و ئەو خەباتە بەڕێوە دەبەن . هەروەها ووتەبێژی کادەك ئادەم ئوزونیش وتی : هێلی شارستانی دیموکراتی دەپارێزن و ، ئامادەن هاوکاری تەواوی ئەو ڕێکخراوانەی بکەن خزمەتی دیموکراتی بوونی تورکیا و وڵاتانی دیکە دەکەن . ئەردۆڵان لە وەڵامی پرسی جیاوازی نێوان کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کەنەکە و کادەك بەم شێوەیە شرۆڤەکرد :

©Kurdistan Net

www.kurdistannet.org
17/04/2002 00:12
کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد تێدەکۆشێت و، تەواوی ڕامانی سیاسی ئەم گەلە، لەژێر سایەی خۆی کۆکردۆتەوە، بەڵام کادەك خاوەن بیروڕامانی یەکێتیە و هێلی شارستانی دیموکراتیە کردۆتە بنالەی تێکۆشانی.هەروەها ڕەزا ئەردۆڵان، سەبارەت بە پرسیارێك کە دەلێت: سەرۆك وەزیری تورکیا وتیویتی، یەکێتی ئەورووپا پەکەکە دەخاتە ناو لیستی تیرۆرەوە، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە. هەلوێستی بەم شێوەیە، هیچ سودێك بە تورکیا ناگەیەنێت، بە پێچەوانەوە، زۆر شت لە دەست تورکیا دەدات و هەروەها، یەکێتی ئەورووپای ووشیارکردەوە، کە بەم شێوەیە هەلوێستە نەکات. ئەردۆڵان هەروەها لە وەڵامی پرسیاری سەبارەت بەرێکخستن بوون و بەڕێوەچوون و کاروباری ناوخۆیی کادەك زانیاری ڕاگەیاند. لە ناو کادەك دا سەرۆکی گشتی ،،کۆنسەی سەرۆکایەتی و،، دەستەی بەڕێوبەرایەتی هەیە. کادەك هەر ٣ سال جارێك کۆنگرەی خۆی ساز دەکات و، دەستەی بەڕێوبەرایەتیش، لە ٥١ ئەندام پێکهاتووە. ووتەبێژ ئەردۆڵان ڕایگەیاند،، کادەك کاروخەبات بۆ ئاشتیەکی ڕاستەقینە دەکات و،، لە دژی هەموو جۆرە توندوتیژیەکە و تیرۆرە. لە وەڵامی پرسی سەبارەت بە ڕۆژی دامەزراندنی کادەکەش، ئەردۆڵان بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە. سەرۆکی گشتیمان عبدوڵا ئۆجالان، لە ٤ی نیسان دا لە دایك بووە و ئەمەش وەك ڕۆژی لە دایك بوونی یەکەمینە و، دامەزراندنی پەکەکەش لە دایك بوونی دووهەمینە و، کادەکەش لەدایك بوونی سێهەمینە، لە هاوکاتە لەگەل هەمان ڕۆژ. هەروەها ووتەبێژی کادەك ئادەم ئوزون، لە کۆتایی قسەکانی دا لە کۆبوونەوە چاپەمەنیەکە دا، بانگەوازی ئاڕاستەی هەموو هێزەکانی نێونەتەوەیی و هەرێمەکە کرد تاوەکو بۆ چارەسەری دیموکراتی کێشەی کورد، دەست بەهەولدان بکەن.

---------------

لە کۆنگرەکەدا ١٠٦ بەشداری ژن و، ١٧٩ بەشداری پیاو ئامادە بوون، هەروەها نزیکەی ١٠٠ کەسیش وەك میوان ئامادەبوون. هەروەها بە جیاوازیەکی دیکە لە کۆنگرەکانی ترەوە، نزیکەی ٣٠ کەس لە نوێنەرانی گەلیش، لەم کۆنگرەیەدا ئامادە بوون. ٤ کەس لە دامەزرێنەرانی پەکەکەش کە تا ئێستا لە زیاندان و، ژمارەیەکی زۆر لە کادیر کە لەو قۆنالەدا ژیاون بەشداری کۆنگرەکە بوون و، ووتەی کردنەوە لە لایەن ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان جەمیل بایکەوە پێشکەش کرا. بایك تێکۆشانی ژیانی عەبدوڵائۆجەلان و پەیوست بوونی ئەو بەو شۆڕشگێڕانەی ژیانیان لە دەست داوە دەربڕی و،، دەست نیشانی کرد کە بزوتنەوەی ئاپۆچی، شۆڕشی ژیانەوەی تەواو کردووە و،، کەوتۆتە ناو پرۆژەی ستراتژیەکی نوێ. بایك وتی، نزیکەی ٣ سال دەبێت، ئامادەکاریەکی بەرفراوان دەکرێت و، بە تایبەتی ئەو بەرگرینامەی کە

www.kurdistannet.org
17/04/2002 00:12

عەبدوڵا ئۆجەلان پێشکەشی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپای کرد ، هێلی ستراتژی نوێی ڕوون بۆوە و ، گەلی کورد بەو پێیە هێلی ئازادی خۆی بەدەست هێنا . دوای ووتەی کردنەوەی کۆنگرە لە لایەن جەمیل بایك –وە ، هەلبژاردنی دیوان سازکرا ، ڕۆژەڤ دەست نیشان کرا و ، ئەندامانی بەشدار دەستیان بە وتوویژ کرد . دوای گفتگۆیەکی تێروتەسەل وبەرفراوان ، زۆربڕیاردرا و ، ناوی کۆنگرەی ئازادی دیموکراسی کوردستان پەسەندکرا . بە هەمان شێوەیە ، عەبدوڵائۆجەلانیش بەیەك دەنگی بۆ سەرۆکایەتی کادەکە هەلبژێردرا و ، ماوەیەکی درێژ لەلایەن بەشدارانەوە هەلبژاردنی ئۆجەلان لە سەرپێ و ، بە چەپلەڕێزان و ووتنەوەی دروشمی بژی سەرۆك ئاپۆ ، پێشوازی لێکرا . لە کۆتایی دا بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی کۆنگرەکە هەلبژاردن پێك هات ، ٣١ پیاو و ٢١ ژن ، بەگشتی ٥١ ئەندام هەلبژێردران . دوای قۆناخی کۆنگرە و هەلبژاردنەکان جەمیل بایك ، ووتەی کۆتایی پێشکەش کرد و وتی ، ، ئەوان کۆتاییان بە قۆناخێکی مێژوویی هێناوە و ، هێزی بڕیاردانیان لە مانیفسیتۆی شارستانیەتی دیموکراتی کە لە لایەن ئۆجەلانەوە دەست نیشان کراوە ، وەرگرتووە . بایك لە میانەی قسەکانی دا وتی ، ئەوان لەسەر هێلی سەرۆك ئاپۆ دەمێننەوە ، هەرگیز سەرنەکەوتوویی لێوەشاوەی خۆیان نابینن و ، بەلێنیان بەلێنی سەرکەوتن و سەرفرازیەو ، پراتیکی سەرفرازی پەکەکەش ئەمە زۆر ئاشکرا دەسەلمێنێت . کادەك لەسەر ( دەستکەوتەکانی ) پەکەکە دامەزرێنرا و ، پشتی بەمەش دەبەستێتەوە ، قۆناخی پێشکەوتنی دیموکراتی بەرەوپێشەوە دەبات و سەرکەوتن وەك چارەنووس دەست نیشان دەکات . دوای قسەکانی جەمیل بایك تەواوی بەشداران و ، چاودێران بە ووتنەوەی دروشمی بژی سەرۆك ئاپۆ ، بژی پارتی کرێکارانی کوردستان ماوەیەکی درێژ بە جۆش و گرمیەوە پێشوازیان لە دامەزراندنی کۆنگرەکە کرد . لە کۆتایی کۆنگرەکەدا ، کۆمەلی هونەرمەندانی خوێندنگەی کولتوری شەهیدسیپان ، هونەری خۆیان پێشکەش کرد و ، بەم شێوەیە کۆنگرەکە کۆتایی هات .

------------

کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان ، ، کە خاوەن پێشینەیەکی دەولەمەند و خەباتێکی درێژخایەنە ، ، ستراتیژیەکی چۆنی بۆ داهاتوو دارشتووە ؟چۆن لە کێشەکانی هەرێمەکە و هاوپەیمانیەکان پاراستنی ڕەوا دیموکراسی و ئاشتی و تێکۆشانی سیاسی دەڕوانێت سەردێری گرنگی ئەو بەرنامەی ستراتیژیەی کە کۆنگرەی ئازادی ودیموکراسی کوردستان چیە ؟هێلی ئەستوری ، ، بەرنامە و ئامانجەکانی ، ، کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان بە شێوەیەیە :

©Kurdistan Net

کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان بۆچوونەکانی عەبدوڵا ئۆجالان کە بەیەك دەنگ وەك سەرۆکی گشتی کۆنگرە هەڵبژێردرا و هەروەها هەستیاریەکانی تایبەت بە ژیانیی لە یەکەمین خالدا ئاماژەی پێدەکات. کادەك هەروەها ئۆجالان وەك سەرۆکی هاوچەرخی کورد و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێت و ئەو بەرگرینامەیەی کە لەلایەن ئۆجالانەوە نوسراوە وەك مانیفیستۆی شارستانی دیموکراتی لەقەلەم دەدات. لە بەرنامەکەدا دەست نیشان دەکرێت ئەو هێڵە ئازادی دەستەبەر دەکات و لێکدانەوەیەکی بەم شێوەیەش لەخۆدەگرێت: ) **کۆنگرەکەمان، سەرۆك ئاپۆ وەك پێشەنگی هاوچەرخی گەلی کورد و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبینێت و، هەر هەڵوێستێك لەبەرامبەرژیانی سەرۆك ئاپۆ بەپێی ئەو ڕێبازەی بەکادەهێنرێت، وەك سەرچاوەی هەم شەڕ و هەم ئاشتیش لێك دەدرێتەوە** ) لە پەیڕەو وپرۆگرامی کادەك دا هاتووە، ، زۆر گرنگە چارەسەری ڕەیشەیی و ئاشتیانە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، دەستەبەر بکرێت و داواش دەکرێت لە دژی سیاسەتی نکۆلی کردن و لەناوبردن، تێکۆشانێکی فراوان بەڕێوەببرێت. لە هەمان پەیڕەو پرۆگرامدا، ئاماژە بە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت و دەگوترێت، چارەسەری دەکرێت لە سەربنەمای وەرچەخانی دیموکراسیانە و یەکێتی پێك بێت. لە بەردەوامی پەرۆگرامەکەدا هاتووە سیستەمی سەدەی ٢٠ کە لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی، پارچەبوونی هێناوەتە ئاراوە لەبەریەك هەلوەشاوە و ئیدی گەلانی جیهان ئەو سیستەمە پەسەند ناکەن و پێویستە ئەو سیستەمە باوە چارەسەر بکرێت ولەو بارەیەشەوە هەلسەنگاندێکی بەم شێوەیە لەخۆدەگرێت: ) **کۆنگرە، ، گۆڕین و چارەسەری سیستەمەکانی ئۆلیگارشی و تیۆکراتیك دەسەپێنێت و، ، هەر بۆ ئەوەش پێویست، ، بە شۆڕشێکی گۆڕانکاری زهنیەت و ڕێنیسانسی ڕووناکبیری دیموکراتیانە هەیە** ) . لە پرۆگرامەکەدا، لەسەروو هەموویانەوە تورکیا ولاتانی تریش پەیامی گرنگ ڕادەگەیەنرێت و جەخت دەکاتەوە کە بێ چارەسەر کردنی کێشەی کورد، کێشەکانی تری هەرێمەکە چارەسەرنابن و ڕێبازی چارەسەریەکانیش بەم شێوەیە ڕیز کرد: ) **چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ، لەسەر بنەمای وەرچەرخانی دیموکراتیانە، ، بێ تێکدانی سنووری دەولەتانی هەنوکەیی دەکرێت پێك بێت** ) لە هەمان پرۆگرامدا دەست نیشان دەکرێت، پێویستە بەپێی بنەماو پێوانەی نێونەتەوەیی دان بە مافەکانی گەلی کورددا بنرێت و سزای لە سێدارەدان هەلگیرێت، مافی پەروەردە و پەخشی کوردی بدرێت و، بەشداری لە دەستەلاتداری سیاسیدا بکرێت. لەبەشێکی تری پەیڕەو و پرۆگرامی کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان باس لە بابەتێکی تری گرنگ دەکرێت ئەویش بابەتی هاوپەیمانیە. بەپێی پەیڕەو پرۆگرامی کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان کادەك، هەموو پارتەکانی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەلایەتی، ، ئەوانەی کە بەپێچەوانەی هێلی چارەسەری دیموکراتیانەی هەلسوکەت ناکەن پشتگیریان لێدەکرێت و دەگووترێت

www.kurdistannet.org
17/04/2002 00:12

کەبەرەو پێشچوونی ئازادی بۆ بەرژەوەندیەکانی هەمووگەلان ، دەکرێت بەو شێوەیە بەرەو پێشەوە بچێت : ( **کەدەك یەکسەر گەیشتن بە دەسەڵات ناکاتە ئامانجی بەڵام هەولدەدات ، ئەو پارتانەی چارەسەری دیموکراتیانە بەرەو پێشەوە دەبەن بگەیەنێتە دەسەڵات** ) کۆنگرە هەمان هەلوێست بۆ پارچەکانی تری کوردستانش نیشان دەدات و دەلێت : ( **لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەگەل گەلانی ئەو وڵاتانە داکۆکی لە یەکێتی گەلی کورد دەکات و ئامانجێتی کە گەلی کورد لەو پارچانە لەگەلهێزەکانی دیموکراتیانەی ئەو وڵاتانە لەسەر بنەمای بەدەست هێنانی ناسنامە وئازادانە گوزارە لەخۆکردن یەکێتیەکی بەهێز ئاوابکات** ) ، لەپرۆگرامەکەدا ڕەوشی هەموو پارچەکانی کوردستان و پەیوەندی کوردانیش وە\ك هێلێکی سەرەکی ئاماژەی پێ دەکرێت، دەگووترێت : لەهەموو پارچەکانی کوردستان و لەسەربنەمای بەرەو پێشەوە بردنی گەلی کورد ، ئەرکی گەلی کورد لەو پارچەیەی و پەیوەندیەکانی لەگەل پارچەکانی تردا بەشێوەیەڕوون دەکاتەوە : ( **کادەك لە نێوان هەموو پارچەکانی کوردستاندا ، پشتگیری و هاوکاری دیموکراتیانە بۆ خۆی دەکاتە بنەمایەك و ، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانیش وەك باڵاترین دەزگای نەتەوەیی دەبینێت ، لەسەر ئەو هێلەش چالاکانە بەشداری لە کاروباری کەنەکەدا دەکات** ) ، کادەك لە پرۆگرامەکەیدا دەست نیشانی دەکات گوشار و چەوساندنەوە لەسەر داخوازیەکانی زمانی زگماکی گەلی کورد وەك تیرۆریزم لێك دەداتەوە و دەلێت : ( **وێرای ئەوەش ، هەموو هەولێکی تیرۆریستی کە زیان بە پێشکەوتنی ئازادی گەلانە وەك تێکدەر دەبینێت و مەحکومی دەکات و ڕێبازی بەو شێوەیەش وەك ڕێبازی بەدەر لە هەولی چارەسەری کێشەکان دەبینێت** ) لە هەمان پەیڕەو وپرۆگرامدا بەسەرنجەوە دەست نیشان دەکرێت ، لە سەربنەمای چارسەری دیموکراتیانەی کێشەی کورد پێویستە هەموو شەڕ و پێکادانێك ڕاوەستێێت برایەتی بەرەو پێشەوە ببرێت و هێزەکانی گەریلاش بەپێی ئەو ستراتیژیەتە سەر لەنوێ ڕێك بخرێنەوە و ئەم خاڵانەش دەخاتە ڕوو : ( **کادەك بۆ بەسەرکەوتوانە ئەو ئامانجەی بپێکێت ، پێویستە گەلی کورد بە هەموو ئاستێکدا ، پاراستنی ڕەوا بەرەو پێشەوە ببات و ، بەهێز بکات** ) ، بابەتێکی تر کە کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان لەپرۆگرامەکەیدا ، بەیاخەوە ڕاوەستەی لەسەردەکات ستراتیژی تێکۆشانێتی . لەپێناوی ئەوەی لەنێو دەولەت و کۆمەلگادا ، وەرچەرخانی دیموکراتیانە پێك بێت ، ئازادی تاك و کۆمەلگا پێش بخات وتەنیا چالاکی بە ڕەنگی سەرهەلدانی سیاسیانە دەکات بنەمایەك . لەپرۆگرامەکەدا هەروەها هاتووە گەر هەموو چین و توێژەکانی کۆملگا ئەرك و بەرپرسیارێتیان لەو بارەیەوە بەجێ بێنن ئەوا سەرهەلدانی سیاسی سەردەکەوێت و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت : ( **لەسەروو هەموانەوە ژنان و لاوان کادەك ، بانگەوازی ئاراستەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلگا دەکات ، کە لەپێناوی سەرکەوتنی دیموکراسی کۆمەڵایەتی ، هەموو بەشەکانی کۆمەلگا ، خۆ ڕێك بخەن و سەرهەلدانی سیاسی کە هێزی چارەسەری**

www.kurdistannet.org
17/04/2002 00:12

**کێشەکانە ، لە هەموو لایەنە ژیاریەکاندا پێش بخەن)** لە پرۆگرامەکەدا دەربارەی ڕێکخستنەکانی ژنان دەگوترێت : **(پێویستە هەموو ژنانی کورد خۆ ووشیار بکەنەوە و لە ڕیزەکانی پارتی ژنانی ئازاد دا بەشداری لە تێکۆشانی ئازادیدا بکەن و لە بزوتنەوەی ئازادی و دیموکراتیانەدا ببنە یەك و ئاشتی و ئازادی بکەنە بناڵەیەك)** ، لە درێژەی پەیرەو پرۆگرامەکەدا دەربارەی بەڕێوەبردنی دیموکراتیانە چەند خالێك دەست نیشان دەکرێت : **(کۆنگرەی ئازادی ودیموکراسی کوردستان کادەك ، لەبواری ڕێکخراوەبوون لەسەر بنەمای دیموکراتیانە هەموو لایەنەکانی کۆمەلگا بەفراوانی دەکاتە ئامانج ، بەو پێیە تاك و ڕێکخراوەکانی پەیوەست بە هێلی شارستانی دیموکراتی دەتوانن بەشداری لە ڕیزەکانیاندا بکەن)** لەبەردەوامی پرۆگرامەکەدا هاتووە کە لە قۆناڵی ڕابردوودا ئەو کەسانە و لایەنانەی بە هۆکاری جیاواز لە بزوتنەوەی ئەوان دوور کەوتونەتەوە با سەر لەنوێ خۆساز بدەن و ڕەوشی خۆیان ڕەچاو بکەنەوە و جارێکی تر بەشداری سەرەتایی قۆناڵێکی نوێ بن . هاوکات بڕیارێکی تر دەربارەی جاشەکان دراوە کە لە قۆناڵی ڕابردوودا ، لەبەرەی دژ بە تێکۆشانی ئەواندا بوون و داوا دەکرێت دەست لە ڕیزەکانی دژ بەردەن و بەشداری ڕیزەکانی تێکۆشانی نەتەوەیی دیموکراتی کوردبکەن .

©Kurdistan Net